# من له نێوان دڵی تۆ و نیشتماندا

ئاسۆ عەلی فەرەج

هەمیشە نیشتمان ئامێزێك دەبێت بۆ ئەو مرۆڤانەی بە عەشقەوە لە دایك دەبن و بەعشقەوە گەورە دەبن و دواتریش بە عشقەوە کۆچ دەکەن.

لە بستە خاکێکی ئەم نیشتمانەی تیایدا دەژیم بە عشقەوە یەکتری لە ئامێز ناگرین من نامۆم بە ئەو, ئەویش نامۆ بە من, تەنیا شتێك من دڵم پێ خۆش بێت بوونی تۆیە گیانە لە نیشتمانە بێ ئامێز و نمەك حەرامەدا , کاتێك مردمیش نامەوێ دڵی نیشتمان مەنزڵگە و هاوارگەم بێت, چونکە لە ساتەوەخت و تەمەنێك و زەمەنێك دەمانویست وەك مرۆ لە دڵی خاك و نیشتمان بژین ئەو ئێمەی نەدەویست, بۆیە لە نێوان تۆ و نیشتمان, تەنیا ئامێزی تۆ دەکەمە نیشتمانی خۆم و نەفرەتیش لەو بستە خاکە دەکەم کە ناویان ناوە نیشتمان و کەچی بۆ خەڵکانی دیکە نیشتمانە , ببورە گیانەکەم گەر تۆ بچووك بکەمەوە لەو نیشتمانەی کە بوونەتە شەق شەقەی دەستی نابەرپرسەکان. نەمویستووە شتێك بنووسم ببێتە پەخشان یا نامە یا شیعر یا بابەت, بەڵکو ویستم پێت بڵێم بە هەموو بڕوایەکمەوە تۆ لای من لە نیشتمان خۆشەویستتر و مەزنتر و پیرۆزتری. بیرتە دوێنێ شەو هەمان وشەم پێی گوتی و تەمانام کرد سبەی ببێتە شتێکی جوان و پێشکەشی تۆی بکەم. وا جارێکی دیکە دەیڵێمەوە تۆ لە نیشتمان پیرۆزتری لای من و نیشتمانیش بە قوربانی ساتەوەختێکی بێ ئومێدیمان بێت.

aso_ali٢٠٠٣@yahoo.com

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com